# لە ڕێی پەروەردەدا:
# ئەو گرفتانەی کە دەبێ چارەسەربکرێن..

**مامۆستا ساڵح/ کەلار**

یەکێك لە نەهامەتییەکانی هەر میللەتێك لاوازبوون یاخود دابەزینی ئاستی زانستیو خوێندنە لەنێو خوێندنگاو قوتابخانەکاندا، ئێمەی کورد ئەمڕۆ بەدەستییەوە دەناڵێنین، چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵگاو هەر نەتەوەیەك پەیوەستە بەباری خوێندنو زانستەوە!! بۆیە پێویست بە چارەسەرکردن دەکاتو بەگوێرەی پرۆگرامێکی تۆکمەو داڕێژراو.

سست بوونەوەی خوێندکاران لە هەوڵدانو کۆششکردن بۆ بەدەست هێنانی پلەی بەرز بە توانای خۆیان، چەند هۆکارێکی هەیەو پێویست بە هەڵوێستو لێ وردبوونەوە دەکات لە دانانی پلانێك بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو سستییەی کە دایی گرتوون.

1- یەکێك لەو هۆکارە زەقانەی باری ئابووری مامۆستایە، چونکە مامۆستا لەبەر نەداری هەوڵی دۆزینەوەی کارێکە بژێوی خۆیو منداڵەکانی بەدەست بێنیت، ئەو کارە مامۆستا تارادەیەك دوور دەخاتەوە لە پیشە سەرەکییەکەی کە پەروەردەو فێرکردنە، ئەوە لەلایەكو تێڕوانینی خوێندکاران بۆ کەسایەتی ئەو مامۆستایە، چونکە کاری بازاڕ بمانەوێو نەمانەوێ کاردەکاتە سەر هەڵسوکەوتی مامۆستاو ئەمەش ڕەنگدانەوە لە دیدی خوێندکاراندا دروست دەکات.

2- کۆچ کردن بەرەو هەندەران هۆکارێکی کاریگەرو بێ هاوتایەو خوێندکارانی بە تەواوەتی تووشی دوودڵی کردووەو خوێندنو شەهادەی ریسوا کردووە، وەکو نەخۆشییەکی کوشندە کەوتووەتە نێو جەستەی برینداری لاوەکانمانەوە کە بە هیچ شێوەیەکیش چارەسەر ناکرێت تەنها بە گۆڕینی ڕژێمی دیکتاتۆری نەبێت بە ڕژێمێکی دیموکراتیو جێبەجێ کردنی داخوازییەکانی لاوەکانمانو گوێ لێ ڕاگرتنیانو گرنگیدان پێیانو بوار ڕەخساندن بۆیان بۆ بەشداری کردن لە هەموو بوارەکانی ژیان.

3-نەبوونی کتێب بەگوێرەی پرۆگرام لە خوێندنگاکاندا کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە بۆ مامۆستاو خوێندکاران لە لایەكو بوار ڕەخساندن بۆ مەلزەمە دروست کردنو فرۆشتنی لە لایەکی ترەوە، لە هەمان کاتدا فرۆشتنی کتێب لە بازاڕەکانداو بە نرخێکی بەرز کە دەبێتە مایەی لەکەدار کردنی بەڕێوەبەری خوێندنگاو قوتابخانەکان.

4-هۆکارێکی تر بینایەیە کە ئێستا زۆربەی بینایەکان چەند خوێندنگایەك دەوامی تێدا دەکاتو فریا ناکەون وانەکان بە تێرو تەسەل تەواو بکەنو کاری خۆیان ئەنجام بدەنو کۆنترۆڵی تەواوی بەڕێوەبەرو مامۆستاکان بەسەر خوێندکاراندا هەبێتو کێشەکان کەم بکەنەوە، لە هەمان کاتدا نەبوونی جێگای حەوانەوەی خوێندکاران لە کاتی حەوانەوەیاندا.

5-هۆکارێکی گرنگ کە خوێندکاران هەستی پێدەکەنو خوێندنی لەلایان قێزەون کردووە تاقیکردنەوە گشتییەکانە کە لەم ماوەی دواییەدا ڕوویداو بە شێوەیەکی نارەوا، دەرچووانیش لە کۆلێژو پەیمانگاکان وەرگیران، ئەمە لەلایەكو وەرگرتنی تایبەت لەسەر ئینتیمای سیاسیو حزبایەتی لە لایەکی تر ئەم شێوازە لە وەرگرتن مەترسیدارە لەسەر پاشەڕۆژی دامو دەزگا حکومییەکانیش لە هەمان کاتدا.

باشە ئەی چار چییە؟

بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتانە پێویستە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەو سەرپەرشتیارانو بەڕێوەبەرانی خوێندنگاکانو لایەنە سیاسییەکان چەند سمینارو کۆڕو کۆبوونەوەیەك ببەستنو خوێندکاران هۆشیار بکەنەوەو دڵنیایان بکەن کە ئەو ڕووداوانە کاتینو ئەبێت بیانپەڕێنینو هەریەکەو بەگوێرەی بەرپرسێتی خۆی.

# مامۆستا لە دووڕیانی ڕێنماییو کێشەکانیدا

**سالم پەشێو**

زۆر جار گوێمان لێ بووەو لێ دەبێ چ لە کۆبوونەوە لەگەڵ مامۆستایاندا بە مەبەستی جیاجیاو، چ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە باس لە بارودۆخو زروفی مامۆستا کراوەو زۆرجاریش گلەییو گازندەی ئاراستەکراوە، جا بۆ ئەوەی نە شیش بسووتێ نە کەباب، نە مامۆستا تاوانبار بکرێ لەخۆڕاو نە قوتابییش پشتگوێ بخرێو، بە شێوەیەکی ڕاستو دروست پەروەردە بکرێ با چاوێکی جیددی بەم کێشەیەدا بخشێنین. پێشەکی با مامۆستا وەك مرۆڤێك سەیر بکەین. ئایا مرۆڤێك نییە وەك سەرجەم مرۆڤەکانی تر؟ ئایا بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان کاری سلبی نەکردۆتە سەر مامۆستا وەك هەموو چینو توێژەکانی تر؟ ئەو موچەیەی بەرامبەر بە کارەکەی وەریدەگرێ بێگومان لایەنی کەمی پێویستییەکانی ژیانی دابین ناکات! ئایا هەموو ئەم هۆکارانە کاری نەکردۆتە سەر باری دەروونی مامۆستاو وای کردووە نائارام بێتو نەتوانێ بنەما زانستییەکانی پەروەردەیی بەتەواوی جێبەجێ بکات؟ کە باس لە مامۆستا دەکرێت دەڵێین دەبێ مامۆستا کاتێك چووە ناو پۆلەوە هەموو کێشەکانی خۆی بخاتە لاوەو دەروونی پاك بکاتەوە لە هەموو کارتێکردنێکی سەلبی تۆ بڵێی مامۆستا لە بونیادی فیکریو جەستەییو دەروونیدا هێزێکی ئەوەندە ئەفسووناوی هەبێت کە بە ساتەوەختی چوونە ناو پۆلی خوێندن بتوانێ کۆنترۆڵی باری ناهەمواری دەروونیو فیکری خۆی بکاتو بەگوڕو تینی مرۆڤێکی ئاساییو بارودۆخ سروشتی لە بوورای ماددیو مەعنەوی هەڵسوکەوت بکاتو لە هەقیقەتی خۆی، هەقیقەتی پڕ کێشەی بێتە دەرو بەرگێکی تر بکاتە بەرخۆی دەپرسین دەبێ چ نمایشکەرێکی بەتوانا بێ؟!

بێگومان ئەمە لەلایەنی جێبەجێ کردنەوە کارێکی مەحاڵە بەڵام بەداخەوە بۆ ئەو بەرێزانەی خۆیان بە پسپۆڕ دەزانن لە بواری پەروەردەیی باسکردنی ئەم مەسەلەیە بە قسە زۆر ئاسانەو باشە کاتێك بیر لە چارەسەر دەکرێتەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی پێویست بۆ دەربازبوونی مامۆستا لەم گرفتانە یان سووك کردنی باری سەرشانی هەمەلایەنانە بیربکەینەوەو هەموو فاکتەرەکان ببینینو هەنگاو بۆ چارەسەری کێشەکان بدۆزینەوە کە لە ئەنجامدا پرۆسەی پەروەردە بەرەوپێش دەچێت ئەگەر ئێمە بمانەوێ بە جددی باس لە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك بکەین بە شێوەیەکی زانستییانە نەك بە شێوەیەکی میسالییانە، دەبێ بەشوێن هۆکارە سەرەکییەکانیدا بگەڕێینو لەوێوە دەست بکەین بە چارەسەرکردنو بەرنامە داڕشتن بۆ داهاتوو، بەڵام ئەگەر بێتو ئێمە لایەنێکی بخەینە بەر ڕەخنەو چاکسازیو لایەنەکەی تری کێشەکە فەرامۆش بکەین ئەوا ئامرازەکانی بوونی کێشەکە دەمێنێو هەمیشە خۆی بەردەوامی کێشەکە دەهێڵێتەوە، جا لەبەر ئەوەی کاری مامۆستا داڕۆژی هەموو میللەتێکی لەسەر بەندەو ئەگەر باس لە بەرەوپێش چوونی وڵاتو زانستو پەروەردە دەکرێ دەبێ هەوڵ بدرێ کۆڵەگە سەرەکییەکەی سەقفی زانستو پەروەردە کە مامۆستایە پتەو بکرێو گرفتەکانی کە تووشی هاتووە لە میانەی گوزەرانی ئەمڕۆدا چارەسەربکرێ یا هیچ نەبێ لەسەرشانی کەمێك سووك بکرێت.

ئەوسا مامۆستا بواری بۆ دەرەخسێ کە بتوانێ زانستو زانیاری بە شێوەیەکی دروستو مۆدێرن دوور لە هەر فشارو هەڵچوونێکی دەروونی بگەیەنێتە قوتابییانو دەوری کارتێکەرو کارتێکراو بە شێوەیەکی دروست بگێڕێ ئەوسا پسپۆڕانی پەروەردە یان هەرکەسێکی تر دەتوانن پەنجەی گلەیی بۆ درێژ بکەن یان ئافەرینو ستایشی مامۆستا بکەن، گەرچی تا ئێستاش مامۆستا ئەو ئەرکەی چەندین ساڵە بەجێی دەهێنێ جێگای ڕێزو پێزانینە.

# ئارامی کەشو هەوا لە پۆلداو ڕەنگدانەوەی لەسەر فێربوون

**ژێر هەورامی**

دیارە کە مرۆڤ خاوەنی ناسکترین هەستەو بەدرێژایی ژیانی پارێزگاری لێ دەکات. ئەم هەستە ناسکانە لەلایەن هەر کەسێکەوە بڕوشێنرێت یان بریندار بکرێت یان تەنگەتاو بکرێت ئەو کەسە خۆی لە هەموو پەیوەندییەکی خۆشەویستی کەسایەتیو تا ڕادەیەك کۆمەڵایەتی بە دوور دەگرێت. مامۆستا لە پۆلەکەیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ تێکەڵکردنی هەستەکانی کەسایەتی خۆیو کەسایەتی فێرخوازەکانی، ئەبێ هەستی بوونی کەسایەتی قوتابییەکان بەسۆزو خۆشەویستیو بەرز ڕاگرتنی کەسایەتی قوتابیانو ئازادیو یەکسانی تێر بکات. ئەمانەش ئەبنە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ دروست بوونی باوەڕ بە کەسایەتی مامۆستا لە لایەن سەرجەم قوتابییانەوە هەروەها کەسایەتی ئەوانیش لەلایەن مامۆستاوە. هەرچەندە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەش ئەوە ناگەیەنێ کە مامۆستا کردە پەیوەندیدارەکان بە شێواندنی کەشو هەوای نائارامی پۆل کە زنجیرە پێکەوە گرێدراوەکانی باسەکە لەیەك دوور بخاتەوە هەربۆیە کردە ناپەسەندەکان ناکرێت لەلایەن هیچ کەسێکەوە پەسەند بکرێن ئەبێ لە تاكو کۆمەڵ لابدرێن. شێوازی هەڵسوکەوتی مامۆستا بەڕێزەکان کاریگەری خۆی هەیە بۆ ئامادەکردنی بیرو هەستی قوتابییان وەك نواندنی زەردەخەنەیەك لەلایەن مامۆستاوە قوتابییان دێنێتە پێشەوە بۆ تێکەڵبوونی هەستو بیری قوتابییان بە بڕگەکانی وانەی باسکرا. مامۆستا ئەبێ یاساو دەستوورەکان ئاشکرا بکاتو لایەنی ئیجابی دەربڕێت بۆ ئەوەی قوتابییان خۆیان ڕابێنن لەسەریو سوودمەندبن پێیان.

لێرەدا قوتابییان هەست بەوە دەکەن کە لەژێر چاودێریو سەرپەرشتی تەواودان بۆ فێربوونی باسەکە بە تەواوەتی. سەرنج ڕاکێشانی سەرجەم قوتابییان کاریگەریەکی تری هەیە بۆ فێربوونی ئەو شتەی باس دەکرێت. قوتابییان ڕابهێنرێن کە خۆیان هەوڵ بدەن بۆ سەرنج دانی باسی وانەکە. گەڕان بەدوای شتە شاراوەکانی ئەو باسە، لێرەدا تەختەی ڕەشو هۆکانی ڕوونکردنەوە "وسائل التعليمية" دەورێکی گرنگ دەنوێنن بۆ تێگەیشتن بۆیە شتە ڕاستەقینەکانو ئاشکراکان خێراترو ئاسانتر تێدەگەن. سەرنج ڕاکێشانی قوتابییان بۆ هەر شتێك پەیوەندی بە چەند مەرجێك هەیە کە پێویستە ڕەچاوبکرێن لەکاتی ئەنجامدانیاندا بۆ نموونە تاقیکردنەوەیەك کرا بە کۆمەڵێك سەرباز بۆ لێدانی "پێکانی" نیشانەی دیاریکراو دوای ڕاهێنانی سەربازەکان لەسەر بەکارهێنانی تفەنگەکانیان. ئەو سەربازانەی سەرنجێکی تەواویان دایە نیشانەکەو بەکارهێنانی بەشە پەیوەندیدارەکانی تفەنگەکەیان کە بریتییە لە هێڵێکی ڕاست لەنێوان نیشانەکەو چاوی سەربازەکەو هەردوو نیشانەی لەسەر لوولەی تفەنگەکەو خۆ ڕێکخستنی لەش بەسەرجەم پەیوەندیدارەکانیەوە هەر بە یەکەم گوللە نیشانەکە دەپێکن دڵخۆش دەبن. بەڵام ئەو سەربازانەی بە وردی سەرنج نادەنو مەرجەکانی نیشانە گرتنەوە بەجێ ناهێنن بە دەیان گوللەش لە نیشانەکە نادەنو سەرکەوتوو نابن، لێنەدانی نیشانەکەش مانای کارنەکردن ناگەیەنێ یان لاوازی مێشکیان لەم بوارەدا تەنها ئەوە ئەگەیەنێ بە وردی سەرنجیان نەداوەتە کارەکەیانو مەرجە پەیوەندیدارەکەیان ئەنجام نەداوە. لە هەمان کاتدا دەبێ ئەو شتانەی پاڵ بە قوتابییەوە دەنێن بۆ فێربوونی باسەکە هەبێ بەرزکردنەوە پارێزگاری کەسایەتی مامۆستا کاریگەری ئیجابی خۆی هەیە بۆ پێکهێنانی کەشو هەوای ئارام لە پۆلدا لەگەڵ هەڵبژاردنی باشترین ڕێگا بۆ وتنەوەی باسەکە.

# کۆچی ناخ لە جەستەی لاوان

**ئاراس ئیلنجاغی**

کۆچی لاوان دیاردەیەکی هێندە بەرچاوو دیارە جێگای خۆیەتی بخرێتە بەرباسو لێکۆڵینەوەو فرەبایەخی خۆی پێ بدرێتو، ڕەهەندەکانی لە هەریەك لە بوارەکانی ڕامیاری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری لێ بخوێنرێتەوە، کۆچیش هیچ کاتێ شتێکی نامۆ نییە لای مرۆڤ، بگرە هەندێ جار کار دەگاتە ئەوەی پێویستییەك بێ، وەك کۆچی شارنشینێ بۆ شاخ دژی جەورو ستەمی هەژموونی تاك ڕەهەندی. هەر بارودۆخێ پاڵنەرێکی (دافع) خۆی هەیە، کۆچیش بەهەمان شێوە، کۆچی بە زۆر (تهجير) نموونەی دەرکردنی هاووڵاتیانی ڕەسەنی شاری کەرکوكو قودس، کۆچی گەرمێنو کوێستانی مەلان، لەبەر باری زەپۆش. کۆچی کۆیلەی کەناری ڕۆژئاوای کیشوەری ڕەش لە ڕابوردوو لە وڵاتی (بەنین) کە جاران بە کەناری کۆیلە ناوزەد کرابوو، کۆچی خواست بە مەرامی هێنانەدی مەبەستێکی دیاریکراو، کۆچی هەتا هەتایەی گیانەکان بۆ ژیانی بەرزەخ، ئەمانەو چەندین شێوە کۆچی تر.. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لاوان ئەگەر چی ئەمڕۆ بە جەستە لە کوردستانن بەڵام بەناخ لە هەندەرانن چونکە کۆچ لە دڵی لاواندا چەقی بەستووە، بووە بەڕابونێ، کە ڕێکخستنەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ شانەکانی زیاد دەکات، شەوانە لە شارو شارۆچکەکان وەك ئیسماعیل خورماڵی دەڵێ: "نیوە شەوە وا درەختی شەقامەکان نووقمی خەون" کەچی لاوان تا کاتێکی درەنگ پێنج پێنج لە بیری ئەوە دان کەیو چۆن؟! کە بە تەواوەتی ناخیان کۆچی کردووەو هیچ بایەخێ بە کارو چالاکیەکانی خۆیان نادەنو قسەو باسیان "گرەنتی، قاچاغچی، سنووردانش، 45 وەرەقە، گەیشتە ئەستەمبوڵ، یۆنان، وان، تد" ساموئیل هانتینگتون خاوەنی بیردۆزەی "پێکدادانی شارستانیەتیەکان" دەڵێ:" لاوان بە دوای ریفۆرمو شۆڕشو یاخی بووندا دەچن"، لە چەمکی ئەم وتەیەدا لاوان توێژێکن زوو دەکەونە ژێرکاریگەریەوەو زووش کاریگەری لەسەر ڕژێمەکان دروست دەکەن، بەهەر حاڵ کۆچ چەندین هۆکاری لە پشتە خۆ گرتووە وەك:

1- ئەو کەشو هەوایەی کە لە ئەنجامی بارودۆخی مرۆیی کەوتۆتەوە، هەژموون لە دەست ڕۆشنبیرییەکە، کە پاشخانی ئەقڵیەتی عەشایەری "خەرمان سوتانی یەکتری"و قەفەس بەندی ئازادیە، هەر ریفۆرمی چاو هەڵبڕی تیلی داخی تێ وەردەدەنو سۆماکان ئەکوژێنەوە.

2- ترسو تۆقان لە وڵاتە ئیقلیمیەکانو دەست تێوەردان لە کاروباری هەرێمی کوردستان، ئەمەش بووە بە دڵە ڕاوکێی دەروونی "قلق نفسی" لە لای لاوەکان.

3- شێوازی بیرکردنەوەی هەندێ لە گرووپو پارتە سیاسییەکان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات، ئەمەش ڕێ خۆشکەرە بۆ ئاشوبو شەڕ.

4- بە مەبەستی خۆ دەرباز کردن لە هەژاریو نەداری خۆیانو خێزانەکانیان، چونکە لە ماوەی دە ساڵی ئازادیدا هەل بۆ کارکردن نەڕەخسێنراوە، لاوی کوردی بێکاریش پێی وایە کارێکی هەندەران ئەگەر سووکایەتیشی پێوە دیار بێت، لە سواڵ کردنی بە ئەدەبانەی نێو کوردستان چاکترە لەبەردەم قۆرخکاری هەمە لایەنەی بوارەکان.

5- چەواشە کردنی مرۆڤو لاوی کورد بە هۆی کەناڵە ئاسمانیو تۆڕەکانی ئەنتەرنێت کە گوایە خۆش گوزەرانیو بەهەشت لە ئەورووپادا هەیە.

6- بۆ بەدیهێنانی خەونە ڕەنگاڵەییە یەك لەدوا یەکەکانی، بە بۆچوونی ئەو لە کۆمەڵگەیەکی جووتیاری ئەمڕۆی کوردستان، بەرجەستەکردنیان مەحاڵە، ئەو توانایەش ناخاتە گەڕ تا چۆك بەمەحاڵ دابداتو هیواو ئومێدێکی لێ پەیدا بکات.

7- لاسایی کردنەوەیەکی بێ ئەژمار لەنێو چینو توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا.

8- لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، ئەگەر خێزانێ ئەندامێکی یا کەسێکی لە هەندەران نەبێ، هەست بە کەمی شکۆمەندی خێزانەکەی دەکات.

9- ماڵو منداڵانی زۆربەی سەرکردەکانی گرووپو پارتە سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستان، لە هەندەرانن، هەندێ جار کار دەگاتە ئەوەی نەتوانن سانسۆر لەسەر بەهاو دابو نەریتەکانیان دابنێن.

10- نەمانی ئیرادەو خۆدانە دەست واقعی کۆمەڵایەتی کۆنە پارێزەکان، کە ڕێگە بە بیری نوێ نادەن، هەناسەیەکی بێگەرد هەڵمژێ. ئەمانەو چەندین خاڵی تری شاراوە هۆکاری ڕەخساندنی زەمینەی کۆچی بە کۆمەڵی لاوانن..

## ئەرمانە



**زیرەك کەمال**

# ئیعترافێکی درەنگ وەخت

یەکێکم لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە کاری ڕۆژنامەنووسیم چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ دووچاری سەر ئێشەو گلەییو گازاندەی زۆر لە بەرپرسانی حزبیو حکومی بوومەتەوە، زۆر جاریش کۆمەڵێك وشەو نازناوی وەکو: گەنجێکەو هەرزەکارە، توندڕەوە، بەرچاوی ڕوون نییە، ئەورووپییانە بیر دەکاتەوە، نازانێت حکومەت ساوایە، عەبەسییەو وجودییەو زۆر جاریش گوتویانە سەر بە بەرەی بیرکردنەوەی کافکایە، بۆ؟ تۆ بڵێی وا بێت؟ دیارە هەموو ئەم سەر ئێشەو گرفتانەی ڕووبەڕووم بۆتەوە هەموو ئەم نازناوانەی بۆیان دروست کردووم لەبەر ئەوەیە چونکە: من گوتومە گەندەڵی ئیداری هەیە، گیرفان پڕکردنو مشەخۆری لە دامو دەزگا حکومییەکان نەك هەر هەیە بەڵکو تا بینا قاقا تیایدا نقووم بووە، گوتومە جێ بەجێ کردنی خواستە سەرەتاییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستان چارەکی ئەو توانا و داهاتەی ناوێت کە لە بەرەکانی شەڕی نێوخۆ بە فیڕۆ درا. من گوتومە لە نیشتمانێکی دابەش بووی شەڕی براکانو لە نێو کۆمەڵگایەکی تا بینا قاقا نقووم بوو لە بێکاریو دەست کورتی باس کردن لە کۆمەڵگایەکی مەدەنی جگە لە قسەیەکی خۆش هیچی تر نییە. گوتوومە بەعس عەلمانییە وەك هەندێك دژە عەلمانی کە یەخەی کراسیان بۆ کوردو کێشە ڕەواکەی کرێژی نەگرتووە بە عەلمانی ناوی دەبەن، خۆمو حزبەکەشم گوتوومانە دەبێت ئەو قۆناغە سیاسییە بە یەکەوە ببڕین هەر هەوڵێك کە بە پاڵپشتی وڵاتانی ئیقلیمی بۆ بەرز کردنەوەی تای تەرازووی هێزی بەرامبەر زیانێکی کوشندەیە بۆ هەموومان چونکە خۆمان کەسی خۆمانین. جێی خۆشحاڵییە دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار ماوەیەکە لەسەر زاری گەورە لێپرسراوان دان بە گەندەڵی ئیداری دەنێن. بەڵام زۆر درەنگە. لە کاتێکدا ئەم ئیعترافە دەکرێت کە گەندەڵی ئیداری زەبری خۆی وەشاندوو بۆ ماوەی (10) ساڵی تەمەنی بەهاری ئازادی لێنەگەڕا هەناسەیەکی گەرمو پڕ لە کامەرانی بچێتە نێو جەستەی کۆمەڵی کوردستان. سەیرە قەدەر یاخود بەختی ئەم میللەتە ڕەشە! لە شۆڕشی نوێ بەشی هەرە زۆری کوردستان جێگای پێشمەرگە بوو کەچی یەکتریمان دەکوشت، کە ئەنفالو کیمیاباران هەموومانی ڕاپێچی سەر سنوور کرد لەوێ بەرەی کوردستانیمان دروست کرد، ئێستاش کاتێك دان بە گەندەڵی ئیداری دەنرێت کە فەلسەفەی پڕکە گیرفان کێ منەتی پێیەو پیاو ئەو پیاوەیە خانووی جوانو ئۆتۆمبێلی جوانی هەبێت، بۆ دەبێت وا بێت کێ وەڵامم دەداتەوە؟؟ ئەی دوای ئەم ئیعترافە نیازی چیتان هەیە.